
# شارە کوردییەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە سەدەی یازدەهەمەوە تا ئەمڕۆ: ڕەققە، حەڵەب، شام

سەباحەدین کایهان

**لە تورکییەوە: دڵشاد هیوا**



١٣ی شوباتی ٢٠٢٦ وتار

لە سـەدەی یازدەهەمەوە تا ئێسـتا، باکووری سـووریا لە ڕووی مێژووییەوە بووەتە ناوچەیەک کە لە نزیکەوە پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە هەیە. ئەم وتارە ئامانجی ئەوەیە کە ئەم بەردەوامییە لە دوو بەشی سەرەکیدا بخاتە ڕوو.

بەشی یەکەم، بە تایبەتی بە تیشـکخسـتنە سـەر سـەردەمی سـەدەکانی ناوەڕاسـت لە چوارچێوەی سەردەمی ئیسلامی ـــ عەرەبی و بنەماڵەی ئەیووبییەکانی سەلاحەدینی کوردی، نیشـانی دەدات کە چۆن باکووری سـووریا لە ڕێگەی داینامیکە سـیاسی، کۆمەڵایەتی و سـەربازییەکانەوە، کە کوردیشی ـ لەخۆ دەگرت، دارێژراوە. زۆرێک لە دامەزراوە

پەروەردەییەکان (مەدرەسە)، حەمام، مزگەوت و گۆڕستانەکانی کوردان، تەنانەت ئەمڕۆش بەو ناوانە دەناسرێنەوە کە کوردەکان لێیان ناون.

بەشی دووەم، تیشک دەخاتە سەر ئەو سەردەمەی کە میرنشینە کوردییەکان تێیدا سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ بوون، بە تایبەتی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، و لێکۆڵینەوە لەو ڕێکخستنەوە کارگێڕی و گۆڕانکارییانەی پێکهاتەی زەوی دەکات کە کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە هەبووە.

ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە بیسەلمێنێت کە باکووری سووریا، بە تایبەتی ئەو شارانەی لە ڕووی نەتەوەییەوە مشتومڕیان لەسەرە، وەک ڕەققە، حەڵەب و شام، لە درێژایی مێژوودا ئەو شارانە بوون کە کورد تێیاندا ژیاوە؛ هەروەها نیشاندانی ئەوەی کە ئەم پەیوەندییە مێژووییە لە داواکارییەکانی ئەمڕۆی کوردانی ڕۆژاوا بۆ ناساندنی مافی خاکەکانیان، بەردەوامە. هۆکاری ئەوەی کە ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتووانی کورد کەمە، بۆ ئەو سیاسەتەی "پشتوێنەی عەرەبی" دەگەڕێتەوە، کە ڕژێمی فاشیستیی ئەسەد لە ساڵی ١٩٦٢دا جێبەجێی کرد، کە تێیدا کورد بە زۆرەملێ لە زێدی خۆیان کۆچ پێ کران و عەرەب لە شوێنەکانیان نیشتەجێ کران.

لە ڕاستیدا، ئەمە هەمان ئەو سیاسەتەیە کە لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤، لە ڕێگەی سووتاندنی سێ هەزار گوند و کۆچپێکردنی زۆرەملێی کوردانەوە، لە تورکیادا پەیڕەو کرا. لە ساڵی ٢٠١٢وە، کوردانی ڕۆژاوا بۆ بەرگری لە شار و گوندەکانیان خەباتێکی یەکلاکەرەوەیان ئەنجام دا، بە تایبەتی لە دژی گرووپە ئیسلامییە توندڕەو و بەربەرەکانی وەک داعش. ئەم خەباتە بەرگریکردن بوو لە ڕەققە، کە پایتەختی پێشووی داعش بوو، لەگەڵ ناوچە ستراتیژییەکانی تری ڕۆژهەڵات و باکووری سووریا؛ بۆیە هێزەکانی کورد، یەکە سڤیل و سەربازییەکانیان پێک هێنا بە مەبەستی پاراستنی گەل، دابینکردنی ئاسایش و هێشتنەوەی بەڕێوەبەریی خۆسەر لە بەرامبەر توندوتیژی و چەوسانەوەدا. جۆلانی، چەکداری پێشووی داعش کە بەناو سەرۆککۆمارە، لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵکوژیی بەربەرانە دژی کوردانی ڕۆژاوا ئەنجام دەدات. ئەم کارە دیدگایەکی مێژوویی پێشکەش دەکات، بە تایبەتی بە کوردان و ڕای گشتیی جیهان، کە هەرچەندە ئەمڕۆ لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە کەمینە بن، بەڵام مافی خۆیان لەسەر ئەم شارانە داوا دەکەن.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆ قۆناغی یەکەم پشـــتمان بە کارەکانی بۆریس جەیمس (Boris James) و سـەرچاوە سـەرەتاییەکانی سـەردەمی عوسـمانی بەسـتووە؛ بەم شـێوەیە توانرا شـیکارییە مێژووییەکان و بەڵگەنامە ئەرشـیڤییەکان پێکەوە کۆ بکرێنەوە. بە گرتنەبەری شـــێوازێکی کرۆنۆلۆژی، ئـامـانجمـانە بەردەوامیی مێژوویی بوونی کورد لەم نـاوچەیەدا لە ســـەدەی یازدەهەمەوە تـا ئەمڕۆ و ئەو ڕۆڵە یەکلاکەرەوەیە بخەینە ڕوو کە ئەمڕۆ کوردانی ڕۆژاوا لە سووریادا دەیگێڕن.

## بونیـادنـانی خـاکی کورد و تێکەڵبوونی کوردان لە ســـەردەمی ئەیووبییەکـان و مەملووکەکاندا:


پێش هەر شــتێک، تێگەیشــتن لەوەی خاکی کورد لە ســەردەمی مەملووکەکاندا چۆن دارێژراوە، بۆ تێگەیشـــتن لەوەی کە ناســـنامەی کوردی چۆن بە تێپەڕینی ڕۆژگار پارێزراوە، گرنگە. جووڵەی کورد لە نێوان شـارەکانی وەک سـووریا و میسرـ و زەوییە خێڵخاوەنەکان و کاریگەریی دەوڵەت لەسـەر ئەم ناوچانە، ڕۆڵێکی ناوەندیی هەبووە لە گەشـەکردنی دیاردەی "کوردبوون"دا.

ئەم خاکانە هەمیشـــەماڵی پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشـــتووان بوون؛ کورد، عەرەب، سریـانی-کلـدانی، تورکمـان، ئەرمەنی و ئەوانی تر دەکرێت لە ڕیزی ئەمـانەدا هەژمـار بکرێن. هەرچەندە لە ســـەردەمی ناوەڕاســـتدا مەحاڵە ڕێژەی ئەم گرووپانە بە وردی دیاری بکرێت، بەڵام ســـەرچاوەکان نیشـــانی دەدەن کە ئەم ڕێژەیە بەرچاو بووە و تا کۆتایی ســـەردەمی عوسمانی بەردەوام بووە.

زۆرێک لە کوردەکان چوونەتە ناو دەســتەبژێری ســیاسی و ســەربازیی زەنگییەکانەوە (عیمادەدین زەنگی، دامەزرێنەر لە سـەدەی دوازدەهەم)، و لەژێر پێشـەنگایەتی ئەتابەگەکانی مووسـڵدا بوونەتە کەسـایەتیی گرنگ لەو خەباتەی کە لە سـووریا دژی خاچهەڵگران بەڕێوە دەچوو. لە نێوان ئەم کەســانەدا، شــێرکۆ وەک یەکێک لە بەهێزترین ئەفســەرە کوردەکان دەردەکەوێـت، کە فەرمـانـدەیی یەکەیەکی زەنگییـەکـانی کردووە لە ڕزگـارکردنی میسرـــدا. برازاکەی، سـەڵاحەدین، دواتر بنەماڵەی ئەیووبییەکان دادەمەزرێنێت. لە دەوروبەری سـاڵی ١١٨٩دا، سەڵاحەدین لە لووتکەی دەسەڵاتیدا بوو و کۆنترۆڵی ناوچەیەکی بەرفراوانی دەکرد

کە میسرــ، یەمەن، ســـووریا-فەلەســـتین و ســـەرەوەی میزۆپۆتامیای دەگرتەوە. خۆی و جێنشـینەکانی، بوونە هۆی ئەوەی زۆرێک لە کوردەکان لە شـارەکانی سـووریا، فەلەسـتین و میسرـدا گەشـە بکەن و تێکەڵ ببن. بەم هۆیەوە، تەنانەت لە سـەردەمی مەملووکەکانیشـدا، کوردەکان توانیویانە بەرزترین پلەوپایەی ئاینی، ســـیاسی، کارگێڕی و دادوەری داگیر بکەن .(Boris James, s. 59)

ســـەردەمی ئەیوووبییەکـان (١١٧١-١٢٥٨)، گوزارشـــــت لە لووتکەی تێکەڵبوونی کوردەکان دەکات لە نێو ئۆردوو و دەســتەبژێری دەوڵەت لە شــارەکانی ســووریا و میسرــدا. کوردەکان پێشـــتر لەم ناوچانەدا ناسرابوون؛ بەڵام ئەیووبییەکان، بە شـــوێنکەوتنی میراتی زەنگییەکان، زۆرێک لە کوردەکانیان بۆ دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت ڕاکێشـــا و هاوکارییان لەگەڵ کردن.



لە ســـەردەمی ئەیووبییەکانـدا، ک[ وەک نـاوبژیوانێکی گرنـگ لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کـۆمەڵـگەی ســـەربـازیـدا نـاسرابـوون. ئەم ڕۆڵە لە ســـەرەتـای ســـەردەمی مەملووکەکانیشـدا بەردەوام بوو، نیشـتەجێبوونێکی بەهێزیان لە شـارەکانی سـووریا و میسرـدا هەبوو و بە تایبەتی لە چینە خوێندەوارەکان و بازنەکانی دادوەریدا بوونێکی دیاریان هەبوو. لە سـەدەی سـێزدەهەمدا، بوونی کورد لە شـارەکانی سـووریا و میسرـ بە شـێوەیەکی بەرفراوان

بەڵگەمەند کراوە. لە توێژینەوەیەکی پێشـترماندا، پێڕسـتێکی هەرچەند ناتەواومان سـەبارەت بەو گەڕەک و شـوێنانەی لە شـارە گەورەکانی سـوڵتانێتیی ئەیووبیدا کوردانی تێدا بووە، خستووەتە ڕوو. ئەو مزگەوت، گۆڕستان و گەڕەکە کوردییانەی کە ناوی میر و سەرۆکخێڵە کوردەکانیان هەڵگرتووە، شـوێنەواری ئەم دانیشـتووانە لە شـارەکاندا دەخەنە ڕوو ( Boris James, s. 354).

سـەبارەت بە "ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد" لە سـەردەمی ئەیووبییەکانـدا زانیـاری لەبەردەسـتە. عیزەدین کوڕی شـەداد (م. ١٢٨٥/٦٨٤)، بوونی مزگەوتێـک بە نـاوی "ئەلزەرزاری" لە حەڵەب ڕادەگەیەنێت؛ مێژووی دامەزراندنی دیاری نەکراوە. پێ دەچێت ئەم مزگەوتە دوای چەسپاندنی دەسەڵاتی ئەیووبییەکان لە ناوچەکەدا درووست کرابێت؛ ڕێک وەک مەدرەسەی "سەبع ئەلمەجانین"، کە لە لایەن محەمەد شـەرەفەدین کوڕی شارۆخی ئەلزەرزارییەوە لە شام، دوای ساڵی ١٢٣٢/٦٣٠ دامەزرێنراوە.

لە حەڵەب، لانی کەم پێنج مزگەوتی سـەر بە گرووپە کوردییە ناسراوەکانی سـەردەمی ئەیووبییەکان لە هەمـان گەڕەکـدا هەبوون: ئـەلبەشـنـەوین، ئـەلزەرزاری، ئـەلمیهرانی، ئەلبوهتی و مزگەوتێک لە ناو گەڕەکی کوردان (حارەت ئەلئەکراد). لە شـامیش، جیا لە چەنـدین مزگەوتی کوردی، بوونی گۆڕسـتانێکی کوردی نیشـانەی ژیانێکی دەوڵەمەنـدی کۆمەڵایەتییە.

لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی ئەیووبییەکاندا لە سـووریا، گرووپی "قەیمەرییە" بوونە هەڵبژاردەترین نوێنەری کوردەکـان، ڕۆڵیـان لەلایەن سـتیفن هـەمفریز ( Stephen Humphreys) و ئان ـــ ماری ئێدێ (Anne-Marie Eddé) بە وردی بەڵگەمەند کراوە. ئەم گرووپە ڕۆڵێکی گرنگیان لە چالاکییە خێرخوازییەکاندا هەبووە و چەندین نەخۆشـخانە (ماریسـتان)، حەمام و مزگەوتیان لە سـووریا و میسرـ دامەزراندووە ( Boris James, s. 257).

لە سـاڵی ١٢٦٠/٦٥٩، ئەوکەسـەی لە شـەڕی عەین جالووتدا سـەرکەوتنی بەسـەر ئۆردووەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەدەسـت هێنا، ئەوکەسـەی گەورەترین قازانجی لەم بەرگرییە بێوچانەی خاکە موسڵمانەکان بینی، ڕوکنەدین بایبارس بوو. لە هەمان ساڵدا، سـەڵتەنەتی حەڤدە ساڵەی خۆی بە ناسناوی ئەلمەلیك ئەلزاهیر ڕاگەیاند. سوڵتان، میسرـ و سـووریای

لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا یەک خست. سوڵتانێتیی مەملووک، کە شەرعییەتی خۆی لەسەر بەرگری و دووبارە فەتحکردنەوەی خاکە موسڵمانەکان بونیاد نابوو، تا سەرەتای سەدەی چواردەهەم، لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی هێرشەکانی مەغۆلدا ژیانی بەسەر برد.

هەروەها، بنەماڵەی بەنو دەرباس (لقی بەنو ماران لە هەزبانییە) تا یەکەم فەرمانڕەواکانی مەملووک پۆستی قازیی گەورەیان لە میسر لەدەستدا بووە. ئەم بارودۆخە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە فەرمانڕەوایی ئەیووبی کە ڕەچەڵەکیان هەزبانی بووە، کەسایەتییە هەزبانییەکانیان خستووەتە ناو کادرەکانی دەوڵەت و بە هەمان شێوە گرووپی کوردییان بۆ سووریا، فەلەستین و میسر پێك هێناوە. هۆزی ڕەوادی، کە گرووپێکی خوارەوە یان هەڵبژاردەی هەزبانی بوون، لەلایەن هەندێک سەرچاوەوە وەک "بەرێزترینی کوردان" و "پێشەنگی خێڵەکانیان" پێناسە کراون.

ئەم پێشهاتانە، ئاماژەن بۆ کۆتاییی بنەماڵەی ئەیووبی لە میسر. بەڵام لە سووریا ئەیووبییەکی تر بە ناوی ئەلناسر یوسف، شامی گرتووەتە دەست.

بەگوێرەی ستێفن هێدمان (Stefan Heidemann)، لە نێوان سەردەمی سەلجووقی (سەدەی XI-XII) و کۆتاییی سەردەمی ئەیووبی (١٢٥٨)دا، ڕێگەی ئاوریشم کە بەرەو شام، حەڵەب و عێراق دەچوو، بەهۆی دامەزراندنی بەڕێوەبەرییە سەقامگیرەکانەوە بە شێوەیەکی چڕ لەلایەن بازرگانانەوە بەکار هێنراوە. لە ڕووی بازرگانیی جیهانییەوە، کاتێک لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕێگاکانی نێوان ئەوروپا (باکووری ئیتاڵیا) و ڕۆژهەڵات دەکرێت، وەک ئەوەی ئۆژین ویرس (Eugen Wirth) نیشانی داوە، ڕێگەی حەڵەب، کە لە کەناراوەکانی باکووری سووریاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، مووسڵ، ئێران، دەریای سوور یان کەنداوی بەسرا دەچوو، بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیەوە گونجاوترین ڕێڕەو بووە.

بەڕاستی، لە سەردەمی ئەیووبییەکاندا (١٢٠٠-١٢٥٨)، ئەم ڕێگەیە بووەتە ڕێڕەوی پەسەندکراو بۆ ئەو بازرگانانەی لە شارە بەندەرییەکانی باکووری ئیتالیاوە دەهاتن و بەشدار بووە لە گەشەسەندنی ئابووریی حەڵەبدا. بەڵام بەهۆی داگیرکاریی مەغۆل و "گۆڕانکاریی بەرفراوان لە لێشاوی گواستنەوە و بازرگانیی نێوان ئەوروپا و ئاسیا" ئەم داینامیکە بازرگانییە نێودەوڵەتییە پچڕاوە. لە یەکەم سەدەی باڵادەستیی مەملووکەکان بەسەر سووریادا، بازرگانە

ئەوروپییەکان ڕێگەی حەڵەبیان جێ هێشــتووە و لە جیاتی ئەوە ڕێڕەوی دەریای ڕەشــیان لە ڕێگەی ئەرزەڕۆم و تەورێزەوە بەکار هێناوە.

وەک ڕوڤێن ئامیتای پرەیس (Reuven Amitai-Preiss) ئاماژەی پێ کردووە، لە نێوان ســاڵانی ١٢٦٠/٦٥٨ و ١٢٨١/٦٨٠، بازرگانی و گەشــتکردن لە نێوان ئەو ناوچانەی مەغۆلەکان و مەملووکەکان کۆنترۆڵیان دەکرد زۆر کەمی کردووە. لەم قۆناغەی ململانێی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا، بازرگانەکان خۆیان لە تێپەڕبوون لە دۆڵی فورات بەدوور گرتووە و کیلیکیایان بۆ چوون بۆ ئەوروپا هەڵبژاردووە. بەڵام بەگوێرەی ئامیتای پرەیس، دواتر لە کاتی ســەڵتەنەتی ئەلمەنســور ســەیفەدین قەلاوون (1279-1290) و بە هاندانی فەرمانڕەوای ئیلخانی ئەحمەد تەگودار (١٢٨٢-١٢٨٤)، بازرگانیی نێوان ســنوورەکانی مەملووک-ئیلخانی دووبارە ژیاوەتەوە و ئاسایی بووەتەوە.

هەروەها، لە کاتی ململانێکاندا ئەگەرچی بازرگانەکان نەیاندەتوانی لە ئێران و ئاســیای ناوەڕاستەوە بگەنە خاکەکانی مەملووک و ئەودیو، بەڵام بەردەوام بوون لە دابینکردنی کاڵا بۆ ناوچەکانی ســەرەوەی میزۆپۆتامیا، کە لەژێر کۆنترۆڵی مەغۆلەکاندا بوون، بە تایبەتی شــارە زۆر گەشەسەندووەکانی وەک مووسڵ و هەولێر. بە هەمان شێوە، ئەوانەی دەیانویست بە ســووڕانەوە بە دەوری دۆڵی فوراتدا بگەنە کیلیکیا، ناچار بوون لەو ناوچانە تێپەڕن کە کورد لێیان نیشتەجێ بوون، لە گولمارکەوە تا مەلاتێ (Boris James, s. 220).

ئەیالەتی ڕەققە یان بەگلەربەگی ڕەققە، لە ساڵی ١٥١٦دا، دوای داگیرکردنی سووریا لە لایەن ســوڵتان ســەلیمی یاڤووزەوە، لە دابەشــکردنی ویلایەتەکانی ناوچەکانی باکووری سووریادا، بەستراببووەوە بە ئەیالەتی حەڵەبەوە. پاشتر ئەیالەتی ڕەققە لە ساڵی ١٥٩٤دا بە ناوەندێتی ئورفە لە ئەیالەتی حەڵەب جیاکرایەوە و دامەزرا. پاشــتر ناوی ئورفە، ڕوها یان ئەلجەزیرەش بەم ئەیالەتە درا.



ئەیالەتەکە ناوچەکانی ئورفەی تورکیا، ڕەققە و حەسەکەی سووریا و ڕەمادیی عێراق دەگرتەوە. ئەیالەتەکە، کە وەک ٩ سەنجاق ڕێک خرابوو، کاتێک لە ساڵی ١٨٦٤دا بە "نیزامنامەی تەشکیلی ویلایەت" گۆڕدرا بۆ سیستەمی نوێی ویلایەت، ئەیالەتی ڕەققەش بە هەمان خاکەکانیەوە بووە ویلایەتی حەڵەب.

لە گەشتی میسری سوڵتان سەلیمی یاڤووزدا، لە باکووری شاری حەڵەب، شەڕی مەرج دابیق، کە لەگەڵ دەوڵەتی مەملووک ڕووی دا، لە ٢٤ی ئابی ١٥١٦دا کۆتایی هات و عوسمانییەکان شەڕەکەیان بردەوە. لە ئەنجامی شەڕەکەدا سووریا، لوبنان و فەلەستین درانە پاڵ خاکەکانی عوسمانی. داگیرکردنی سووریا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بە واتای ئەوە بوو کە سنووری باشووری-ڕۆژاوای کوردستان بوو بە سنووری دەوڵەتی عوسمانی. پێشتر، دوای شەڕی ئێران-عوسمانی، ئۆردووی عوسمانی گەیشتبووە سنووری باکوور. ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەستیان بە گەمارۆدانی کوردستان لە هەر چوار لایەوە کردبوو.

## داگیرکردنی کوردستان

دەوڵەتی عوسمانی کە دەیویست فەرمانڕەوایی خۆی بەهێز بکات، تێگەیشتبوو کە ناتوانێت ئەم فەرمانڕەوایەتییە لەسەر کوردستان بە هێزی چەک بەدەست بهێنێت و هەوڵیان دابوو لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە ئەم خاکانە بخەنە ژێر سەروەریی خۆیانەوە. دوای شەڕی ئێران ـــ عوسمانی ١٥١٤، بە پێشەنگیی ئیدریسی- بێتلیسی-، نزیکەی تەواوی میرە کوردەکان، هێزی عوسمانییان لە چوارچێوەی هەندێک مەرجدا قبوڵ کردبوو. بەم شێوەیە لە کاتی چوونەناو سەدەی شانزەدا، تورکەکان یەکەم هەنگاوی کۆڵۆنیالیزەکردنیان لە کوردستاندا نابوو. کوردستان کە بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ عوسمانی خاوەن ستاتۆی ئۆتۆنۆمیی بوو، تا ساڵی ١٨٤٧ لەلایەن میر و بەگە کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرا. وەک زۆرێک لە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەت جەودەت پاشا ئاماژەی پێ کردووە، "دەوڵەت هەرگیز نەیتوانی بە تەواوی کوردستان کۆنترۆڵ بکات" ( S.Kayhan-Cevdet, Paşa Arşivinden). دوایین نموونەی ئەم هەوڵی فەرمانڕەوایەتییە، کۆمەڵکوژیی دەرسیمە لە ساڵی ١٩٣٨دا لە سەردەمی کۆماری تورکیادا. ئەم مێژووەش، ئەو کاتەیە کە تێیدا دەسەڵاتی دەوڵەت دەستی کرد بە چەسپاندنی فەرمانڕەوایی خۆی بە هێزی سەربازی.

له ساڵی ١٧٠٠دا، نەوەکانی زۆرگان (Zorganh) کە هاتبوون و لە ٢٦ گوندی سەر بە قەزاکانی Gerger و Kahta لە سنجاقی مەلاتیٚ نیشتەجیٚ ببوون، لە ئەنجامی فشار خستنە سەر گوندەکانی دەوروبەر، فەرمان بۆ والی ڕەققە نێردرا و داوا کرا کە ئەمانە ببرێن بۆ ناوچەکەی خۆیان. بەڵام نەوەکانی زۆرگان دوای ئەوەی گەرەنتییان دا کە باجەکانیان دەدەن و زوڵم ناکەن، لە شوێنەکانی خۆیان هێڵدرانەوە. (Yusuf Halaçoğlu, s 45)

لەبارەی خێڵی جیهانبەیلییەوە، کە لە کوردستان بە ناوی ئولوسیش دەناسرێن، کارستن نیبوهر (Carsten Niebuhr) کە لە ١٧٧٦دا لە ئەنادۆڵ دەگەڕا دەنووسێت ئەوانە لە ١٠ هەزار ڕەشماڵ پێک هاتبوون. هەر ئەم خێڵە بەناوبانگە بەهۆی ئەو فشارانەی لە شوێنەکانی وەک کاهتا، ئامەد و خارپێت دەیانکرد، فەرمانی نیشتەجێکردنیان لە ڕەققە درا، بەڵام بە تەواوی ئەم فەرمانە جێبەجیٚ نەکرا. هەروەها خێڵەکانی شامەکلو، جۆرییو، کەلی هێرشی هاوشێوەیان ئەنجام دەدا. خێڵەکانی وەک شکاکی و میللیش لە شوێنەکانی وەک تەرجان، کیغی، پولومور (قزڵجان)هوە هێرشیان دەکرد. بۆیە دەوڵەت داوای لیٚ کردن بگەڕێنەوە شوێنە کۆنەکانیان. (Y. Hallaçoğlu s. 46) بێگومان پێویستە ئەم هێرشانە وەک پاراستنی فەرمانڕەوایی لە ناوچەکانی خۆیان و دووبارە کۆکردنەوەی هێزیان ببینرێت. دەوڵەت بە تایبەتی لەو فەرماننامانەی لە ساڵی ١٧٠١دا بڵاوی کردنەوە، هەوڵی دا خێڵەکانی دیرەجانلی، موردلو، یەرچەکانلو و تاپۆڤالی لە ڕەققە نیشتەجیٚ بکات. وەک تیٚ دەگەین، هەوڵیان داوە ئەم خێڵانە لە دژی خێڵە عەرەبەکان ڕووبەڕوو بکەنەوە و لە ڕوویەکیشەوە بە نیشتەجێکردنیان لە ناوچە دوورەکان و لەو شوێنانەی لێی بوون، هەوڵیان داوە ئەم ناوچە بیابانە چۆڵانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە. ئەمە جگە لەوەی لە نێوان ئەو کەسانەی دەویسترا بۆ ڕەققە دووربخرێنەوە، خێڵەکانی موساجالو و بەیدیلی سەر بە یەنی ئیلیش دەکرێت هەژمار بکرێن.

لە ساڵی ١٧٠٤دا، کۆمەڵەیەکی وەک دەدە سولو، شێخ حەسانلی، جیهانبەیلو و هتد، قەزای گەرگەری ئێستای ئادیامانیان بەجیٚ هێشت و چوونە هەندێک گوندی ساغمان، پەتەرەك و چەمیشگەزەك لە دەرسیم و دانیشتووانی ئەوێیان دەرکرد و خۆیان لە ناوچەکە نیشتەجیٚ بوون. بەڵام دواتر لەلایەن قازیی چەمیشگەزەکەوە لای پاشا سکاڵا لەم بارودۆخە کرا. بۆیە پاشا لە ساڵی ١٧٠٥دا بە فەرمانێک بڕیاری دا خێڵی جیهانبەیلو لە ڕەققە و

خێڵەکانی شـێخ حەسـانلی و دەدە سـولو لە شـوێنە کۆنەکانی خۆیان نیشـتەجێ بکرێنەوە. (Cevdet Tasnifi aktaran Y.Hallaçoğlu s. 50)

لەڕاسـتیدا نازانرێت ئایا خێڵە ناوبراوەکانی سـەرەوە گەڕاونەتەوە بۆ ڕەققە یان شـوێنە کۆنەکانیان؟ تەنیا ئەوەی ئاماژەی پێ کراوە ئەوەیە کە ئەم خێڵانە سـاڵانێکی زۆر دواتر لە ١٧٨٢دا بە هەمان شـێوە ڕوویان لە دەرسـیم کردووەتەوە و دیسـان فەرمان نێردراوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنە کۆنەکانیان.

لە کۆچەرییەکانیش، خێڵی میللی کە لە ناوچەی ویرانشەهر دەژیان، لە ساڵی ١٧١١دا بۆ ڕەققە دوور خرانەوە، دواتر هەندێک کەس کە ناوبژیوانییان کرد، یارمەتییان دان بۆ ناوچە کۆنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، بەڵام لە ١٧١٣دا جارێکی تر بۆ ڕەققە نێردرانەوە. لە ١٧٢٤دا بەشێکیان هەڵاتن و گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام فەرمان بڵاوکرایەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بۆ ڕەققە دوور بخرێنەوە. (Y.Hallaçoğlu, s 53) دواتر لەم خێڵی میللییە هەندێک کەسی وەك ئیسکان باشی لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەرکیان وەرگرت.

یەکێک لە هۆکارەکانی دوورخسـتنەوەی بەشـێک لە خێڵەکان بۆ ڕەققە، ڕووبەڕووکردنەوەیان بوو لە دژی خێڵە عەرەبەکان. لە ئەنادۆڵ، کوردسـتان و ئەرمەنسـتان. ئەو خێڵانەی بۆ ئەوێ دوور خرابوونەوە، بەهۆی بارودۆخی نەگونجاوی ناوچەی ڕەققەوە، زۆربەی کات هەڵدەهاتن و دەگەڕانەوە بۆ ناوچە کۆنەکانیان. زۆرێک لە خێڵەکان کاتێک تێ دەگەیشتن کە بۆ ڕەققە دوور دەخرێنەوە، زۆربەی جار بە هێنانەوەی پاساوی وەک ئەوەی کە لێخۆشبوونیان بۆ دەرچووە، یان چاک بوون و هتد، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە نایانەوێت بچن بۆ ڕەققە.

بەشـێک لە خێڵەکانیش پێداویسـتییەکانی جەنگی ئەو سـەردەمەیان دابین دەکرد. ئەمانە لە بری باج و سـەرانە، ئەو چەکانەی وەک تیر و کەوان دروسـتیان دەکرد، ڕادەسـتی جبەخانەیان دەکرد و ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکرد. (C. Orhunlu, s. 22-23)

## ناوەندێتی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا و بونیادنانەوەی کوردستان

تەنزیمات بە گشتی دەکرێت وەک هەوڵێک کورت بکرێتەوە بۆ لەناوبردنی ستاتۆی ئۆتۆنۆمی ئەیالەتە نیمچە سەربەخۆکانی وەک کوردستان؛ ئەمە جیا لەو مافانەی بە ناموسڵمانەکان درابوو، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی باج بە تەواوی، ڕێکخستنی کاروباری سەربازی و ئەمنی؛ بە کورتی هەوڵێک بوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە ناوەندەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە کۆنترۆڵکردنی کوردستان بە تەواوی لەلایەن دەوڵەتەوە تا سەدەی بیستەم ئەنجام نەدرا. لەگەڵ تەنزیماتدا، جووڵەکانی نیشتەجێکردن بە شێوەیەکی سیستماتیکتر هەوڵی بۆ درا. لەلایەن والییەکانی ئەیالەتەوە مۆرێک درا بە سەرۆک خێڵەکان، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی ئەندامانی خێڵەکە بێ مۆڵەت بچن بۆ ناوچەیەکی تر.

جیا لەوە، لەژێر کۆنترۆڵی فەرماندە پلەباڵاکانی ئەیالەتدا (*müşir*)، خێڵەکان کران بە یەکەی سەرانەبەخشی۔ سەربەخۆ (*muhassılık*). هەروەها بە یاسایەک کە لە ١٨٤٢دا دەرچوو، هەوڵ درا کێشەی گەرمیان ـ کوێستان ڕێک بخرێت. بەم شێوەیە هەوڵ درا ڕێگری لە خێڵەکان بکرێت کە لە سنووری قەزا و سەنجاقەکانی خۆیان بچنە دەرەوە بۆ کوێستان و گەرمیانەکان. ئەم جۆرە ڕێکخستنانەی دەوڵەت بووە هۆی ئەوەی هێزی نوێ پەیوەندی بە سوپاوە بکات. بەرامبەر ئەو گرووپانەی لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕیون، هەم توندوتیژی بەکار هێنراوە و هەم خراونەتە ژێر نیشتەجێکردنی زۆرەملێوە و بۆ ناوچە دوورەکان دوور خراونەتەوە. بە تایبەتی ئەم کێشەی گەرمیان و کوێستانە کوردەکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ دەگرێتەوە.

لە سەردەمی تەنزیماتدا "لەلایەن والی ئەو ئەیالەتەی لێی بوون مۆرێک بە سەرۆکخێڵەکان درا و ئەو کەسانەی لەنێو خەڵکی خێڵەکە دەیانویست بچن بۆ شوێنێکی تر، بە مەرجی نیشاندانی کەفیل، دەست کرا بە جێبەجێکردنی شێوازی پێدانی مۆڵەتنامەی مۆرکراو." (Hatt-l Hümayun tasnifi Nü.22243 sene 1828 Aktaran C.Orhonlu age, S. 113)

وەک جەلیلێ جەلیل دەیگێڕێتەوە، "بێچەر لە کاتی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان دەنووسێت کە خەڵکی گوندی خانیکی ژۆری لە نزیک دیاربەکر شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێ هێشتووە و گەڕاونەتەوە بۆ کۆچەریی. کاتێک هۆکارەکەی لە گوندنشینەکان

دەپرسـێت؛ دەڵێن: 'چیمان بکردایە؟ ئەگەر لە دەشـتەکە بمابایەنەوە و گوندمان دروسـت بکردایە، ڕەزمان بناشتایە، دانەوێڵەمان بچاندایە، مێگەلەکانمان بێ مۆڵەت بەرەڵا بکردایە و باجی قورسمان بدایە، هیچ سوودێکمان لە کارەکانمان نەدەبینی. هەژار کەوتین و ڕووبەڕووی گوشارێکی بێوێنە بووینەوە. چەوسێنەرەکان، چونکە لە سکاڵاکانی ئێمە بێزار بوون، ئێمەیان وەک تاوانبار ڕادەگەیاند. گوندەکانمانیان تێک دەدا، ئەو ئامێرانەیان دەبرد کە زەویمان پێ دەچاند، یان دەیانکوشـتین یان دەیانکردین بە کۆیلە. چی دەتوانی بکەی؟ ماڵەکانمان بە چۆڵی جێ هێشـت و لەلای براکانمان لە چیاکان، کە ڕووبەڕووی هیچ گوشـارێک نابینەوە پەنامان گرت. قەدەری ئێمە ئاوا بووە.'' (Celile Celil, s. 155)

سـەرۆکخێڵە نیشـتەجێ یان نیمچە نیشـتەجێکانی سـەر بە دەوڵەت، ڕادەسـپێردرێن بۆ ئەوەی ئەو کەسـانەی دژی نیشـتەجێکردنن ڕازی بکەن. بۆ نموونە؛ توندوتیژی بەرامبەر خێڵی قـەرەفـاقیلی بەکار دەهێنرێت کە نیشـتـەجێکردنیـان قبوڵ نەکردبوو. ئەم هەواڵە کاریگەری لەسـەر خێڵەکانی تر دادەنێت. زۆرێک لە خێڵەکان نیشـتەجێکردن قبوڵ دەکەن. بەم شـێوەیە زۆر گوند و شـارۆچکەی نوێ پەیدا دەبن. بۆ نموونە؛ لە دەوروبەری قەڵای نیگۆلی لە نێوان ئەنتـاب و ئەدەنە، نـاحیەکانی کـەفـەردز، ئـەگینتیلی، کوردبـاخچـەسی، چەرچیلی، هاناغزی، کەرکوتلو یەک دەخرێن و ناوی ئیسـڵاحییەیان لێ دەنرێت. قەزای ئیسلاحییەی ئەمڕۆ بەم شێوەیە دامەزراوە.

خێڵی دەلیقانڵیی سـەر بە حەڵەب و خێڵی چەلیقانڵیی سـەر بە مەرعەش دەهێنرێن بۆ ئیسـڵاحییە و نیشـتەجێ دەکرێن. خێڵەکانی نادرلی، چەقاڵلی، یوسـفحاجلی لە سـەنجاقی مەرعەش لە ساڵی ١٨٦٦دا بە تەواوی نیشتەجێی زۆرەکی دەکرێن. (Celile Celil, s. 61)

لە لۆژیکی سـیاسـەتی تەشـەنەسـەندنی دەوڵەتی عوسـمانیدا، هەوڵێک هەبوو بۆ نیشتەجێکردنی تورکە کۆچەرییەکان لەو خاکانەی بە شەڕ بەدەست دەهاتن، بۆ ئەوەی هەم ناوچەکە بۆ ئاوەدانی و بەرهەمهێنان ئامادە بکرێت و هەم شـوێن بۆ ئازووقە و پاڵپشـتی لۆجستی سەربازەکان دروست بکرێت. جیا لەوە، پاراستنی سنوورەکانی خاکە فراوانبووەکانی وڵات و گەشـەپێدانی چالاکییە کشـتوکاڵییەکان و وەرگرتنی باج و سـەرباز لەو کەسـانەی نیشتەجێ کراون، ئامانجەکانی دەوڵەتی پێک دەهێنا.

ئامانجێکی تری سیاسەتی نیشتەجێکردن، تەمێکردنی کوردە ڕاپەڕیوەکان بوو لە ڕێگەی نیشــتەجێکردنیانەوە لە شــوێنە زۆر دوورەکان لە جوگرافیای کوردســتان و بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردەوە. ئەم سیاسەتە لە هەمان کاتدا ئامانجی فراوانکردنی کۆنترۆڵی عوسمانی بوو لە کوردستاندا.

لە کۆتاییەکانی ســەدەی نۆزدەهەمدا، زیادبوونی جەنگەکان و پێویســتیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی ســوپا بە ســەرباز، لەگەڵ بەرزبوونەوەی باجەکان، بوونە هۆی بەرپابوونی ڕاپەڕین چ لە کوردســـتان و چ لە ویلایەتەکانی تریشـــدا. ئەم قۆناغە گوزارشـــتە لە ڕەوتێک کە تێیدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەبەرە بەرەو توندوتیژی و دەسەڵاتێکی سەختگیرتر هەنگاوی دەنا. لە ئەنجامی ئەو شــەڕانەی بۆ شــکاندنی هێزی میرە کوردەکان و بەســتنەوەیان بە دەســەڵاتی ناوەندییەوە ئەنجام دران، زۆرێک لە بەگە گرنگەکانی کورد بە زۆر لە ئەیالەتەکانی ڕۆژاوای عوســمانیدا نیشــتەجێ کران. ڤیدین (Vidin)، کە ئەمڕۆ لە ســنووری بولگاریایە، دوورگەی کریتی ســەر بە یۆنان، لوبنان، لیبیا، و شــاری ڕەققەی ســووریا لە ســەرووی ئەم شــارانەوە دەهاتن.

دەوڵەت، کە پێی وابوو هەرچەندە سەرکردە کوردەکان بۆ شوێنێکی دوورتر لە ناوچەی کاریگەرییان لە کوردستان بنێردرێن، ئەوەندە ئاسانتر دەتوانێت کاریگەرییان لەناو ببات؛ ئەم سیاسەتەی وەک ڕێکار و هەڕەشەیەکیش بۆ ئەو خزمانەیان کە لە دوای خۆیان مابوونەوە، بەکار دەهێنا. هەر وەک خزمەکانی تەیمور و گولابی ئاغا لە بەگ و ئاغاکانی دەرســـیم کە بۆ ڤیدین نێردرابوون، کە ئیتر دەستیان لەوەی بچنە ناو ڕاپەڕینێکی نوێوە کێشایەوە.

نموونەیەکی تر، ئەو نامانە بوون کە لەلایەن خزمەکانی ئەو بەگانەی لە ســـەنجاقی ئەرزەڕۆمەوە بۆ ڤیدین نێردرابوون و لە لایەن پێشــەنگانی خەڵکەوە بۆ ســوڵتان نووسرابوون. ســـەرکەوتنی کوردەکانی ئەرزەڕۆم لە شـــەڕی عوســـمانی دژی ڕووســـەکان، لە ڕوانگەی کوردەکانەوە لە ڕاستیدا بە واتای ئەوە بوو کە دەبێت بەگە دوورخراوەکانیان لێخۆشبوونیان بۆ دەربچێت و بنێردرێنەوە بۆ ماڵەکانیان (C.P.Arşivi-S.Kayhan).

## سیاسەتی نیشتەجێکردنی کوردان: بەرەو شاری کوردیی ڕەققە

بوونی شاری ڕەققە وەک یەکێک لە شارە سەرەکییەکان لە سیاسەتی نیشتەجێکردنی کوردەکاندا، زیاتر لە هەوڵی بونیادنانی ڕەققە وەک شوێنێکی نوێی نیشتەجێبوونەوە سەرچاوەی دەگرت؛ هەروەها هەوڵێک بوو بۆ نیشتەجێکردنی پێشەنگانی کورد لە شوێنێکی دوور لە کوردستان. وەرگرتنی کوردە "یاخی ـــ ڕاپەڕیو" و ملنەدەرەکان لە چیا سەختەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ نیشتەجێکردنیان لە دەشتێکی ئاسانتر بۆ کۆنترۆڵکردن، لە ڕەققە کە ڕووباری فورات پاراوی دەکردەوە، ڕێکەوت نەبوو. نیشتەجێکردنی ئەو کوردانەی کە دەستیان کردبوو بە بەهێزبوون و دەیانویست دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێنن یان بیپارێزن، لە ئەنجامی شکستخواردنی چ بەرگری و چ ڕاپەڕینەکانیان لەم ناوچەیەدا، دوو مانای هەبوو: یەکەمیان نیشتەجێکردنیان بە دوور لە هێزی ڕەسەنی خۆیان؛ ئەوی تریشیان پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ڕەققەی لەخۆ دەگرت. لە بەڵگەنامەیەکدا کە کورتەکەی لە خوارەوە پێشکەش دەکەین، بارودۆخەکە بەم شێوەیە ڕوون دەکرێتەوە:

*"بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاپەڕینانەی کە پێشتر ڕوویان دابوو، هەندێک لە کەسانی (قۆیون ئۆغڵاری) کە بەو هۆیەوە بۆ ڕەققە ڕاگوێزرابوون و لەوێ نیشتەجێ کرابوون و چوونەدەریان بۆ ناوچەکانی تر لێ قەدەغە کرابوو، بە فێڵ و تەڵەکە نامەی ڕێپێدانیان لە سلێمان پاشای بێگلەربێگیی ڕەققە وەرگرتووە و بەرەو دیاربەکر و عەرەبگیر چوون. بەو پێیەی هەواڵی ئەم کارەگەیشتووە، فەرمانێک دەرچووکە لەمەودوا بە "موتەسەلیم"ی ڕەققە ڕابگەیەنرێت کە ڕێگری لە ڕوودان و دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانە بکات".*

بە واتایەکی تر، ئەو کوردانەی نیشتەجێ کراون، هەرگیز ناتوانن بچن بۆ خاکەکانی خۆیان واتە کوردستان. فەرمان دەدرا ئەگەر کەسانێک هەبن بچن، دەستگیر بکرێن و دووبارە بگەڕێنرێنەوە. بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکەین؛ کە عوسمانی تەنیا بە نیشتەجێکردنی کوردە ڕاپەڕیوەکان لێرە نەوەستا، بەڵکوو کوردە کۆچەرییەکانیشی۔ بە زۆر لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان نیشتەجێ کرد، و بە وەرگرتنی سەرانە و باجی ئاژەڵیش لێیان، هەم داهاتی نوێی بۆ دەوڵەت دابین دەکرد و هەم ئامانجی چەسپاندنی ئەمنییەت و کۆنترۆڵی دەوڵەتی هەبوو. چونکە هەندێک لە کوردە کۆچەرییەکان بۆ نموونە وەک خێڵی شێخ بزێنییەکان و پەهیلڤانلی، خێڵی ڕەشوان و خێڵی ژیرکی، لە هەندێک شوێن بەهۆی کوێستان

و لەوەرگاکانەوە لەگەڵ تورکە نیشتەجێ یان کۆچەرییەکانی تر تووشی کێشەی وەک شەڕ و کوشتن دەبوون، دەوڵەت ئەم خێڵانەشی لە شوێنەکانی خۆیان هەڵکەندبوو و کۆچی زۆرەملێی پێ کردبوون بۆ شوێنی تر. موسڵ، کاندیا لە یۆنان، ئیزمیت و کۆزان دوای ڕەققە ناوچەکانی تری نیشتەجێکردن بوون ( S.Kayhan- Başbakanlık Osmanlı Arşivinden).

ڕەققە بەهۆی ئەوەی لە کەناری ڕووباری فورات بوو، شوێنێکی گونجاو بوو بۆ کشتوکاڵ، بەڵام گەرما بۆ ئەو کوردانەی لە چیاکانی کوردستانەوە هاتبوون تاقەتپڕوکێن بوو، بۆیە هەندێک لە بەگ و ئاغاکان داوایان لە دەوڵەت دەکرد لێیان خۆش بن و دەیانویست دووبارە بگەڕێنەوە کوردستان. بێگومان دەوڵەت ئەم داواکارییانەی ڕەت دەکردەوە. لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بەو کوردانەی بەبێ هیچ داواکارییەک لە دەوڵەتی عوسمانی و بە توانای خۆیانەوە لە ڕەققە هەڵدەهاتن، دەستبەجێ فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچوو و دەستگیر دەکران و لە ڕەققە نیشتەجێ دەکرانەوە. لە نووسراوێکدا (*tahrirat*) ئاوا دەڵێت: "لە دوای ئەوەی هەندێک لە کەسانی جەماعەتی شەرقی (کوردەکان) کە بە زۆرەملێ لە ڕەققە نیشتەجێ کرابوون، لەوێوە بۆ ئەملاولا هەڵاتبوون، فەرمانێک بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی پێشوویان دەرچوو. لە وەڵامی ئەم فەرمانەدا، نووسراوێک بە ئیمزای ئیبراهیم پاشای پارێزگاری ویلایەتی قۆنیا نێردراوە کە تێیدا ڕاگەیەندراوە هیچ کام لەم کەسانە لە قۆنیادا نادۆزرێنەوە." (C.P arşiv. S.Kayhan)

بە کورتی، دەوڵەت هەوڵی دەدا سەرەڕای هەموو شتێک سیاسەتی نیشتەجێکردن درێژە پێ بدات. لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتی نیشتەجێکردنە، دەرکەوتنی هەوڵێکی دەوڵەت بوو بۆ تێکەڵکردن و ئاسیمیلەکردنی کوردەکان لە ناو سیستەمی خۆیدا. بەرەو ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٠٠، لێژنەکانی نیشتەجێکردن کە جەودەت پاشاش ڕۆڵێکی چالاکی تێدا دەگێڕا، دەستیان بە دامەزراندن کرد و بەردەوام بوون لە سیاسەتی نێشتەجێکردنی کوردان لە شوێنە دوورەکانی وەک کاندییە، ڤیدین و ڕۆدۆس، موسڵ، بورسا، ئیزمیت و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕەققە.

لە شەڕی ئەمڕۆی سووریادا، هەرچەندە هەوڵ دەدرێت ڕەققە لە کورد پاک بکرێتەوە، بەڵام بەڵگەنامەکانی خودی سیاسەتی نیشتەجێکردن دەیسەلمێنن کە کورد لە سەرووی

ئەوانەوەن کە ڕەققەیان کرد بە ڕەققە. بێگومان ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە بوونی پێکهاتە نەتەوەییەکانی تر پشتگوێ بخەین.

وەک ئەنجام، دەتوانین بڵێین دامەزراندن و گەشـــەپێدانی شـــاری ڕەققە، لەگەڵ نیشـــتەجێکردنی کوردان لەوێ، یان بە واتایەکی تر لەگەڵ نیشـــتەجێکردنی زۆرەملێیاندا، خێرایی بەدەســـت هێنا. ڕەققە، کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار گۆڕا بۆ شـــارێکی کوردی، دواتر کاتێک دەوڵەتێکی ســـووریا لەژێر فەرمانڕەوایی عەرەبدا دامەزرا، بە جۆرێک ژمارەیان کەمی کرد و لە ئەنجامی سیاسەتی عەرەباندنی دەوڵەتی سووریا ناسنامەی خۆی لەدەست دا.

**سەرچاوەکان:**

**بەڵگەنامەی عوسمانی:**


- Türkiye Cumhuriyeti Osmanlı Arşivinden, Birinci el Osmanlıca belge numaraları:
- Tarih :29/Z /1255 (Hicrî) Dosya No :345 Gömlek No :17225 Fon Kodu :C..DH..
- Tarih :29/Z /1255 (Hicrî) Dosya No :9 Gömlek No :434 Fon Kodu :C..ZB..
- Tarih :13/Za/1255 (Hicrî) Dosya No :947 Gömlek No :41125 Fon Kodu :C..AS..
- Tarih :29/Z /1255 (Hicrî) Dosya No :1 49Gömlek No :7449 Fon Kodu :C..DH..
- Tarih :29/Z /1255 (Hicrî) Dosya No :20 Gömlek No :984 Fon Kodu :C..DH..


**سەرچاوەکانی تر:**


- Boris JAMES, thèse de doctorat, Université Paris-Ouest Nanterre La Défense, Les Kurdes Dans L'orient Mamelouk Et Mongol De 1250 A 1340 : Entre Marginalisation Et Autonomie, Le 15 mars 2014, Paris

- Celile Celil, XIX. Yüzyıl Osmanlı imparatorluğu’nda Kürtler, Özge Yayınları, Ankara,,1992
- Cengiz Orhonlu, Osmanlı Imparatorluğu’nda Aşiretleri Iskan Teşebbüsü (1691-1696), İstanbul, 1963; Osmanlı Imparatorluğunda Aşiretleri Iskanı, İstanbul, 1987
- Osmanli Türkiye’sinde Bazi Aşiret, Cemaat ve Taifelerin Eşkiyalik Faaliyetleri Ve Bunlarin Merkez-Taşra Yazişmalarindaki Yansimalari: Maraş Eyaleti Örneği (1590-1750) Süleyman Demirci -Hasan Arslan
- Turkish Studies – International Periodical For The Languages, Literature And History Of Turkish Or Turkic Volume 7/3, Summer 2012, P. 887-914, Ankara-Turkey,
- Yusuf Halaçoğlu, XVIII. Yüzyılda Osmanlı Imparatorluğu’nun Iskan Siyaseti Ve Aşiretlerin Yerleştirilmesi, Ankara, 1991.
- Yusuf Halaçoğlu, XVIII. Yüzyılda Osmanlı İmparatorluğu’nun İskan Siyaseti Ve Aşiretlerin Yerleştirilmesi, Türk Tarih Kurumu, Ankara, 2014